ئاژانسی موتەبع بریارەکانی دانیشتنی ئەمڕۆی ئەنجومەنی وەزیران بەاودەکاتەوە

ئەنجوومەنی وەزیران دانیشتنی لە شانزەیەمین دانیشتنی ئاسایی خەیدا ئەمڕۆ سەشەممەدا زنجیرەیەک بڕیاری دەرکرد، لەوانە پەسەندکردنی ڕەشنووسی یاسای بەغدای پایتەخت و ڕەوانەکردنی بە ئەنجومەنی نوێنەران، بە پشتبەستن بە بڕگەکانی دەستوور، هەروەها کردنەوەی بایەزخانەی عێراق لە بانکەکی پایتەختی تایلەند.

نوسینگەی ڕاگەیاندنی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران لە ڕاگەیندراوەکدا بەاویکردەوە " محەمەد شیاع سودانی، سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران ، ئەمڕۆ سەشەممە سەرۆکایەتی شانزەهەمین دانیشتنی ئاسایی ئەنجومەنی وەزیرانی کرد و تێیدا بارودۆخی گشتی وڵات و میکانیزمی جێبەجێکردنی بەرنامەی حکومەت و دەسپێکانی خزمەتگوزاری و ئابووری و کۆمەڵایەتی تاوتوێکران و گفتوگۆیان لەسەر بابەتەکانی سەر کارنامەی حکومەت کرد و بڕیاری پپەویستیان لەو بارەیەوە دا".

بەپێی گوێرەی ڕاگەیندراوەکە و لەچوارچێوەیی هەوڵەکانی حکومەت بە جێبەجێکردنی دادپەروەری بەرامبەر جووتیاران و بەدواداچوون بە کاروبارەکانیان،" ئەنجومەنی وەزیران هەموارکردنەوەی پلانی کشتوکاڵی بە وەرزی ئەستای دانەوەڵەی گەنم پەسەندکرد، بە گرتنەوەی ئەو زەویانەی کە لە دەرەوەی

پلاندان، هاوشێوەی ئەو زەویانەی کە لە پلانکەدان لەووی ڕەوشێن و شایستەن، و وەزارەتی کشتوکاڵ و بازرگانی ڕەوشێنی پێویست بگرنەبەر بە جێبەجێکردنی ئەم هەموارکردنەوەیە، هەروەها وەزارەتی دارایی ڕەوشێنی پێویست بگرێتەبەر بە دابینکردنی تەرخانکردنی دارایی بە گێنمی بەبازاڕکراو لەزەویەکانی دەرەوەی پلانی کشتوکاڵی، بەمەبەستی دابینکردنی پارە و پێدانی شایستەی جووتیاران".

لە چوارچێوەی ڕەکخستنی کاری کارمەندانی تەندروستی ئەنجومەنەکە ڕاسپاردەکانی 24812 ی لیژنەی فەرمانی دیوانی پەسەند کرد، کە بریتییە لە زیادکردنی وشەی (تەندروستی) بە ناوەڕکی بڕیاری 24967 ی ئەنجومەنی وەزیران بە ڕەکخستنی بارودۆخی کارمەندانی پزیشکی و تەندروستی عێراقی و بیانی و نووسینگەی سەرەکی ئەنجومەنی وەزیران خەرجیەکانی نیشتەجێبوون و هاتوچۆی ناوخۆ و ڤیزای چوونە ژوورەوە و بەرنامەی کەمکایەتی لە ئەستۆ بگرێت.

هەروەها سەبارەت بە کاروباری خزمەتگوزاری ئەنجومەنی وەزیران" بەدواداچوونی بە هەردوو پێژەی ئاوەڵای خالدیە لە پارێزگای ئەنبار و قەزای حەمزە لە پارێزگای دیوانیە کرد و بەدەرکردنی کەمپانیا براوەکان لە گرێبەستەکانی هەردوو پێژەکە لە مەرجی (15) ڕۆژ پەسەندکرد، کە لەلایەن ئەمینداریەتی گشتیی ئەنجومەنی وەزیرانەوە جێگیر کراوە، لەگەڵ پەسەندکردنی پابەندبوونی کەمپانیا براوەکە بە تەمارکردنی لقێک لە ناو عێراقدا لە ماوەی (3) مانگی کارکردن لە بەرواری واژۆکردنی گرێبەستەکەوە و درێژکردنەوەی ماوەی دیاریکراو بە 30 ڕۆژی کارکردن".

هەروەها ئەنجومەنی وەزیران بەدواداچوونی کرد بە "بەڕێوەچوونی جێبەجێکردنی پێژەکانی خزمەتگوزاری و ژێرخان و زیادکردنی تێچووی پێژەی (گەیاندنی سووتەمەنی بە پرژەکانی پیشەسازی و کارەبایی بە کەمپانیای هێی بەی / وەزارەتی نەوت) پەسەند کرد و وەزارەتی نەوت پێداویستییەکانی لەخەگرتنی پێژەکە بدات بە وەزارەتی پلاندانان (بەی گازی وشک 24 گرە بە گواستنەوەی گازی وشک لە بۆری گازی وشکی نیشتمانی لە چوارییانی مەحمودیەوە بە وەستگەی کارەبای بسمایە)".

هەروەها لەم ڕاگەیەندراوەکە ئەوەیش هاتووە کە "ئەنجومەنی وەزیران پێژە یاسای (یاسای بەغدای پایتەخت)ی پەسەند کرد و ڕەوانەی ئەنجومەنی نوێنەرانی کرد، لەسەر بنەمای بڕگەکانی دەستوور، بە ڕەچاوکردنی ئەو تێبینیانەی کە لە دانیشتنەکەدا خراوەتەڕوو، و لەلایەن سەرەکی ئەنجومەنی وەزیرانەوە پەسەندکرا".

هەر بەگوێرەی ڕاگەیەندراوەکە "کەبونەوەی ئەنجومەنی وەزیران و سەبارەت بە ڕەکخستنی کاروباری بیمە و یاسا پێیوەندیدارەکان، "ئەنجومەنی وەزیران پێژە (یاسای هەموارکردنی یەکەمی یاسای ڕەکخستنی کاروباری بیمەی پەسەند کرد (10 ی ساڵی 2005) و لەسەر بنەمای بڕگەکانی دەستوور ڕەوانەی ئەنجوومەنی نوێنەرانی کرد".

لە چوارچێوەی بەهێزکردنی پێیوەندییە دیپلۆماسییەکاندا، ئەنجومەنەکە کردنەوەی باڵیۆزخانەی عێراقی

لە بانکەکی پایتەختی تایلەند پەسند کرد، لەسەر بنەمای بڕگەکانی یاسای خزمەتگوزاری دەرەوە و پەیماننامەی ڤیەننا بە پەیوەندییەکانی کونسوڵخانەکان و لەسەر بنەمای مامەڵەکردنی هاوشێوە.

لەو کتابی کبونەوەکەی ئەنجومەنی وەزیران لەبواری هاوکاری ئەمنی نێودەوڵەتیدا "ئەنجومەنی وەزیران ڕەزامەندی دەربڕی لەسەر دەسەڵاتدان بە وەزیری ناوخۆ بە دانوستان و واژۆکردنی پەژۆ یاسای ڕێککەوتنی هاوکاری نێوان عێراق و ئیسپانیا لەبواری ئاسایش و بەرەنگاربوونەوەی تاوان، هەروەها هەماهەنگی کردن لە نێوان وەزارەتی ناوخۆ و ئەنجومەنی دەوڵەت بە پێشکێشکردنی ڕاوێژکاری یاسایی لەسەر ئەو پەژۆی ڕێککەوتنەی کە پێشتر ئاماژەی پێکرا، و وەزارەتی دەرەوە بڕگەنامەی ڕێگەپێدانی پێویست بگوێرەی ڕێکارە پەسندکراوەکان ئامادەبکات، و پێشکێشی ئەمینداریەتی گشتی ئەنجومەنی وەزیرانی بکات بە وەرگرتنی ڕەزامەندی سەرەکی ئەنجومەنی وەزیران".